# یه کەم دانیشتنی دادگایی کردنی
# سه دام و یاوەرانی
## چەند سەرنجێك

رۆستەم شارەزووری

ئێمەی کورد هەمیشه و تا قیامەتیش ، هەموو بڕیارێکمان ، تەنانەت ئەگەر چارەنووس سازیش بێت ، لە سەر سۆزو ئاتیفه بنیات دەنێین , زۆر کەم دەگەڕێینەوه بۆ لای عەقل˚ و زۆر کەم پرسیارێك لە هۆش دەکەین ، بۆیه هەرچی هەڵی دەچنین رەشەبایەك تێکو لوولی ئەدات .

دیاره ئێمه تا دوێنێ لە دەولەتی عیراقیدا ئەوەنده بێ کورسی دەسەڵات بووین و دووره پەرێز بووین ، بۆیه ئەمرۆ لە عیراقی بەناو نوێدا شاگەشکه دەبین کە کوردێك ( هەر کەسێ بێت )کە دەبینین لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەت و دەسەڵاتیکی قەزاییدا ئەبینین، بێ ئەوەی بە قەد تۆزقاڵێ بیر لەوه بکەینەوه، کە ئەو زەلامەی ئەو شوێنەی چۆن بەر کەوتووه و چی گەیاندیه ئەوێ . چی لە باراندایه پیاوی کێیەو زۆر شتی ترسناکتری تر ! دەزگا حسساسەکانی هەردوو زل حیزبەکەو حکومەتی هەردوو لاو پەرلەمانی کوردو پەرلەمانی بەغدا لێوان لێوه لە پیاوانی رژێم .. عەرەب وتەنی (( یندی لە الجبین )) .

پێم وایه دەبێ لە یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی رژێم هەمان پرسیارمان لا دروست بێت . بەش بە حاڵی خۆم ، دوای بینینی ئەو بەشه دانیشتنەی کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بلاّو کرایەوه ، دوو خاڵی سەرەکی وەستاندمی و کەوتمه خۆ دوانن :

1- ئایا بۆ یەکەم فایل ، فایلی تاوانی رووداوی دوجەیل بوو ؟!!! ، لە کاتێکدا رووداوی دوجەیل لە چاو کارەساتی هه لەٚبجه و .... ئاسمان و رێسمانه . دووباره دەبێ لە وەلاٚمی ئەم پرسیارەیا زۆر ووردوو وریا بین . چونکه زۆر وەلاّم هەلدەگرێت . ئەوەندەی من تێیبگەم ، دوجەیل بۆیه پێش کارەساتی ژەهر بارانی هەڵەبجه خرا ،چونکه مەلەفی دوجەیلا هیچ توخمێکی دەرەکی ناهێنیته ناوەوه و چ ولاتو کەسایەتی دەرەوەی عیراق تێناگلێنێت ! بەلاّم لە خستنه رووی دوسیەی تاوانی کارەساتی هەڵبجه چەندین ناوی دەوڵه تو کەسایەتی و کۆمپانیای بیانی پەلکێش دەکات ، کە رەنگه جمهوری ئیسلامی ئێران یەکێکیان بێت و کۆمپانیا ئەلمانی رووسی و نەمساوی و ....پەنجەی تۆمەتی بەشداربوونیان لە تاوانەکه بۆ درێژ بکرێت ! ئەوسا کورد واتەنی : شتەکانی ژێر بەره دێنه سەر بەره !، ئیتر پانتایی تۆمەتبارانی سنووری سەرانی رژێم تێ ئەپەرێنێت و کەسانی ترو ولاّتانی ترو دام و دەزگای تر دەخرێنه نێو قەفەسی ئیتهامەوه و وەك ئاگری نێو پووش و پەلاّش تەشەنه دەکات !

بۆیه جەعفەری دوسیەی دوجەیلی خستۆته سەر مێزی دادگاوه و دوای یەکلا کردنەوەی ئەم کێشەیەش وا چاوەڕوان دەکرێت ، دەرگای دادگاکه قفلّ کرێت و دوو تاوانه هەره گەورەکەی کە

دەحەق کورد کراوە , هەلەبجەو ئەنفال، ژووری دادگا نەبینیّ و دیزە بە دەرخۆنە بکریّ و بڕیارێکی قەزایی تیا دەرنەچێت و بیکەن بە بەردی بن گۆم !!

2- ئایا بۆ حاکمێکی کوردی وەک حاکم رزگار بۆ ئەم پایە حساسە هەڵدەبژێرن کە تەنیا دوو ساڵ سەرۆکایەتی دادگای جنایاتی سلێمانی کردووە ( بە سەرنەکەوتوویی ) ، لە کاتێکدا قەزای کوردی ، دادوەری بە ئەزموون و بە توانا ترو سەنگین تر و ... تیایە . من وای بۆ دەچم ، دیسان حکومەتی جەعفەری بیەویّ بە قەزای عیراقی و عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی بگەیەنیّ کە دادوەری کورد کە ( حاکم رزگار کاکڵەکەیەتی !! ) ، دادوەری کەم تواناو کەم دەسەلأتن و ناتوانن دانیشتنێکی دادگایی کردنی سدام و یاوەرانی بە ڕێکە پێکی بەرن بەڕێوە ، بەڵکوو لە هەستانە سەر پێی سەدام حسێنەوە جڵەوی زەبت کردنی دادگا لە دەست دەدەن و سەدام خۆی دەبیّ بە پاڵەوانی هۆڵی دادگاو سەرۆک دادگاش ئەوەندە بچووک دەبێتەوە وەک ئەوە ، سەدام سەرۆکی دادگا بێت و سەرۆکی فەقیریش ، تاوانباری ناو قەفەس بێت !

ئەوەی ئەلف و بیّ ی یاسای خوێندبیّ و گوێی لە قسەکانی سدام بووبیّ کە روو بە رووی دادگای کردەوە ، ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە سەدام بەبەر چاوی هەموو دنیاوە ئیهانەی دادگای کردوو سووکایەتی پیّ کردو دانیشتنی دادگاکەی شێواند ، کە لەم حاڵەتانەداو بە پێی یاسا ، دەبوایە سەرۆکی دادگا دەمکوتی کردایە ، بەلأم نەک جورئەتی نەکرد بەڵکوو بە زەردەخەنەیەکی زەردوو بە رەنگێکی هەڵبزرکاوەوە رووی کردە ( سید سدام ) و پێی وت : ( انت رجل قانون !! ) کە دەبوایە ئەسلەن بە پێی یاسای ( چۆنیەتی دادگایی کردنی سزایی ) و بەمەبەستی زەبت کردنی جەلسەکە ، پەنای بۆ مادەی ( 153) و 154 ) ببردایە ، یا ئەوەتا بەندی بکردایە بۆ ماوەی بیستو چوار سعات یا تەغریمی بکردایە .

ئەم لاوازییەی سەرۆکی دادگا ، ئیفرازاتی زۆری لیّ کەوتەوە کە لە راگەیاندنی محلی و دەرەوە خرانە روو لە وانە :

_ سدام میوانێکی ئازیزی دادگا بوو ، نەک تۆمەتبار .

_ سەرۆکی دادگا جڵەوی زەبت کردنی دادگای زوو لە دەستدا .

_ لە قلق و نیگەرانی بەردەواما بوو ، لە جووڵەیەکی بەردەوامی بیّ پاساو بوو .

_خۆی خەریکی هەڵدانەوەی اوراق دەکردوو بەلای چەپا ئاوری ئەدایەوە وەک نەتوانێت چاو ببرێتە چاوی تۆمەتباران .

_ اعجاب یا ترسێکی سدامی لە ناخا بوو بۆیە بە سید سدام وت انت رجل قانون

_ بەوە رازی بوو کە دادوەرانی تری دادگاکە خۆیان دەرنەخەن ، بە مەش بەشێک لە شکلیەتی دادگاکەی لە دەست داو بواری بۆ یاسا ناسان رەخسان بۆ تانە لێدان ، چونکە کاری دادگای جنایات کارێکی جماعیە .

ئەگەر بەراوردی جەلسەی یەکەمی دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت ، لەگەڵ جەلسەی دادگای جنایاتی تایبەت ، ئەوا بە تەواوی تای تەرازوەکەی حاکم (جوحی ) کە دادوەرێکی گەنجی عەرەبە پڕسەنگ تروو قورس ترە لە چاو حاکمە کوردە سەر سپیەکەی خۆمان ، چونکە جوحی ئازایانە قسەکانی بە سدام بڕی و پێی وت : ( بە ئەدەبەوە قسە بکە تۆ لە جەلسەیەکی قەزاییای ) . بەم رستەیە توانی زەبتی جەلسەکە بکات و سەدامی هۆشیار کردەوە کە ئێستا دکتاتۆرەکەی جاران نیە تۆمەتبارێکی قەفەسی دادگایە . کەچی دادوەرەکەی لە مەڕ خۆمان ڕێگەی پیٚدا کە بە هەمان نەفەسی سەردەمی زێڕینی قسە بکات ، تا حاڵ گەیشتە ئەوە ( رغد ) ی کچی دکتاتۆر دەیان چەپکە گوڵی پیرۆزبایی پێ بکات و دەرەنجامیش بڵێ :

باوکم شێری هۆڵی دادگابوو !!

بە ئومێدین لە جەلسەی داهاتووا ( ئەگەر هەبێت ! ) حاکم رزگاری بەرێز هەوڵ بدات جڵەوی دادگا لە دەست نەدات و نەهێڵێ ئاژاوە بخولقێ و سنوورێك بۆ درێژ دادڕی سدام دابنێ و ڕێگەش نەدات بە جلی جۆراو جۆرەوە بێنە هۆڵی دادگاوە ، بەڵکو بە جلو بەرگی یەك رەنگ و یەك شێوە بێنە روو . هەروەها بەوە رازی نەبێت ئەندامانی تری دادگا خۆیان لە چاوی کامێرا بشانەوەو ئەم بکەن بە کەشفی فیدا ! داوا لەو بەرێزە دەکەین چیدی زەردەخەنە دابەش نەکا بەسەر کەسانێك کە جگە لە ژەهر چیتریان بە خەڵك نەبەخشیوە . دەبێ حاکم رزگار ئەوە بزانێت لە دووبارە کردنەوەی موجامەلەی ئەواندا سۆزی هەزاران شەهیدوو ئەنفال کراوو ماڵوێرانان لە دەست ئەدا . بە هیواشین دەست بەرداری ئەو خاوو خلیسکییە بێت و دانیشتنەکە مردار نەکاتەوە و گەرم و گوڕیەك بە اجرائاتەکە ببەخشێت !

کەواتە بەڕای ئێمە ، حاکم رزگار نەك جێگەی شانازی قەزای کوردی نەبوو بەڵکو وێنەیەکی ناجۆری نیشانی قەزای عەرەبی و جیهانی دا ، کە دەکرێ بەوردی و بە لێکۆڵینەوەی زانستیانە ، ماهیە ت و رابردوو و ناسنامەو شەخسیەتی ئەو دادوەرە بخرێتە موختەبەرەوە و کۆمەڵێ شی کردنەوەی دەروونی بۆ ئەنجام بدرێ .

لەباڵ ئەم راو بۆچونەی ئێمە ، گلەییەکی زۆر لە دادوەرانی تر دەکرێت کە خاوەنی ئەزموونی تێرو تەسەلن و ئەزموونێکی درێژخایەنیان هەیە لە بواری جینائی دا ، کە ئایا بۆ خۆیان تەرشیح نەکرد بۆ ئەم دادگایەو دوورە پەرێز بوون !؟ داوەرێك لە وەڵامی ئەم پرسیارە وتی :

بەشداری کردن لەم جۆرە دادگایانە ، بچوك کردنەوەی خودو خۆ لە دەست دانە ، چونکە دادگایی کردنێکی شکڵییەو دوا بڕیاری دادگاش لە هەگبەی ئەمریکیەکانەوە دەردەچێت !!